# لەکۆی ٧٠٠ ئاوایی گەرمیان ٤٥ تا ٥٠ ئاوایی بەرازی تێدایە

## "ڕاگەیاندنەکان مەسەلەی ئەنفلۆنزای پەلەوەریان گەورە کرد و خەڵکیان ترساند"

ئا: بڕیار محەمەد

**دکتۆر عوسمان عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری سامان و دروستی ئاژەڵ لە گەرمیان دەڵێت:"هەتا مانگی ئەیلول هەڵمەتی کێومالّی ئاواییەکان بەردەوام دەبێت بۆ ڕێگرتن لە ئەنفلۆنزای بەراز، گەرمیانیش بەرازی زۆر تێدایە بەتایبەت ئاواییەکانی سە ر ڕووباری سیروان و هەندێکیان بە ئێواران دەرئەکەون و ئەیانبیین".**

ئەنفلۆنزا بە گشتی نەخۆشیەکی ڤایرۆسیە تووشی جۆرەها ئاژەڵ و مرۆڤ دەبێت سولالەی aجۆرێکی تایبەتی خۆی هەیە h5n1تووشی پەلەوەر دەبێت و تووشی بەراز دەبێت ئەوەی لەم دواییە بڵاوبۆتەوە سولالەی aیە h1n1تووشی هەناسەدان دەبێت لەسەر ئەو ئاژەڵەی توشی بووە.

لەبارەی نیشانەکانی ئەم نەخۆشییەوە بەڕێوەبەری سامان و دروستی ئاژەڵ ئاماژە بەوە دەکات کە وەکو هەڵامەت وایە، کەسی تووش بوو تووشی کۆکە دەبێت، تووشی پژمین دەبێت هەندێک جار سکچونی لەگەڵ دەبێت ئێڵنجدانی لەگەڵ دەبێت و ماسولکەکان هەو دەکات.

نەخۆشی ئەنفلۆنزای بەراز کە ئێستا جیهان بەدەستییەوە دەناڵێنێت، سەرەتا لە وڵاتی مەکسیک دەرکەوت و لەساڵەکانی ١٩١٨ کە بڵاوبۆتەوە پێیان وتوە ئەنفلۆنزای ئیسپانی لە١٩٥٧ هەبووە لە١٩٦٨ و لەم دوایەش لەمەکسیک سەری هەڵدایەوە. سەرەتا لەڕێگەی بەرازەوە چەند حاڵەتێکی مردن تۆمار کرا و دوای ئەوەی لەمرۆڤەوە گوازرایەوە بۆ مرۆڤ مەترسیەکی زیاتر بوو لەنێوان وڵاتاندا،

مەترسی ئەم ڤایرۆسە ئەوەیە توانای ئەوەی هەیە نەخشەی خۆی بگۆڕێت،

بەراز لە توانیدایە تووشی ئەنفلۆنزای بەراز و پەلەوەرەو مرۆڤیش بێت.

بە قسەی دکتۆر عوسمان عەبدوڵڵا مەترسیەکە ئەوەیە بۆنمونەپەلەوەر دەبێت زیان بەکێڵگەی پەلەوەر دەگەیەنێ، بەڵام ترس هەیە ئەنفلۆنزای بەراز ببێتەپەتا، بۆیە بەپێی ڕاپۆرتەکان وتویانە ئەو وڵاتەی تێیدا بڵاو دەبێتەوە ٤٠ تا ٥٠ ملیۆن کەس دەکوژێت.

بەڕێوەبەرەکەی سامان و دروستی ئاژەڵ پێی وایە مەترسی ئەم نەخۆشییە بۆ مرۆڤ، لە مەترسی ئەنفلۆنزای باڵندە زۆر زیاترە کە ساڵی پار سەری هەڵدا و لە کوردستان و گەرمیانیشدا چەند حاڵەتێک تۆمار کرا.

ئەوان وەک بەڕێوەبەرایەتی سامان و دروستی ئاژەڵ لەگەرمیان دەستیان بەهەڵمەتێک کردوە بۆ ڕێگرتن لەو پەتایە لە گەرمیاندا. بۆ ئەوەش دکتۆر عوسمان عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری سامان و دروستی ئاژەڵ دەڵێت:"ماوەیەکە دەستمان پێکردوە لەسەرەتای مانگی پێنجەوە دوای ئەنجامدانی کۆبونەوەکان لەنێوان وەزارەتەکانی کشتوکاڵ و تەندروستیدا بڕیار درا ٨ تیم دروستبکرێ هەر پارێزگایەک دوو تیم گەرمیانیش وەک پارێزگا دوو تیمی بۆ دروستکرا جگە لەوەی لیژنەی تایبەتی بۆ پێکهێنرا لەدکتۆرێکی ڤێتەرنەری و کادرێکی تەندروستی، پۆستەری تایبەتمان بۆیان کردوە ئەم پۆستەرانەچۆنێتی خۆپاراستنی لەسەرە دەچنە ئەو ئاواییانەی کەبەرازی تێدایە". ناوبراو وتیشی:" گەرمیانیش بەرازی زۆر تێدایە بەتایبەت ئاواییەکانی سە ر ڕووباری سیروان.. ئاوایی وا هەیە دەڵێن ٢٠٠ مەتر لێمانەوە دوورە وەک (دەکە) و (بان زەمین) ئێواران دەیان بینین".


دکتۆر عوسمان عەبدوڵڵا


پەتای بەراز لە پەلەوەر قورسترە بۆ مرۆڤ

لەوەڵامی پرسیارێکدا کەئایا ئەو ڤایرۆسە لەڕێی خواردنەوە دەگوێزرێتەوە، دکتۆر عوسمان وتی:" بەدەگمەن لەڕێی خواردنەوە دەگوێزرێنەوە لەدەست پێوەدان پژمینی بەرازەوە دەگوازرێتەوە و ئەگەر بچێتە سەر سەوزەمەنی لیکەکەی وشک دەبێتەوە و ڤایرۆسەکەی ناتوانن بەهۆی پلەی گەرماوە تەشەنە بکەن و گەنەی سەوزەوات دەلکێتە گیانی بەرازەوە، بەڵام هەر خۆپاراستن باشە لێی".

بەڕێوەبەرەکەی سامان و دروستی ئاژەڵ ڕەتی کردەوە کە ڕێگە درابێت بەکوشتنی بەراز، بۆیە وتی:"بەوەزارەتی کشتوکاڵمان وتوە کە گوایە لەوەزارەتی ناوخۆ و پۆلیسی دارستان ئاگادار دەکەینەوە لێی کە لێدوان نەدەن بە وەی هاوڵاتیان ڕاوی بکەن".

سەبارەت بەوەرزی تەشەنەکردنی ئەم نەخۆشیە ئاماژەی بەوە کرد وەرزی هاوین و گەرما مەترسیدار نیە بۆ تەشەنەکردنی نەخۆشییەکە.

بۆهاوکاریکردنیان لەهەڵمەتەکانیاندا ڕۆڵی مامۆستایانی قوتابخانەکان و مزگەوتەکانی بەرز نرخاند.

دکتۆر عوسمان عەبدوڵڵا دەڵێت:"هەڵمەتەکەشمان وەک ڕێنمایی کۆتایی پێ دێت بەڵام کارەکانمان بەردەوام دەبێت".

کۆی ئەو ئاواییانەی کەبەرازیان تێدایە لە گەرمیاندا بە قسەی بەڕێوەبەرەکەی سامان و دروستی ئاژەڵ بریتییە لە ٥٠ ئاوایی لە کۆی ٧٠٠ ئاوایی.

دکتۆر عوسمان ئەڵێت:"ئێمە هەموو ئاواییەکان بەسەر دەکەینەوە، بەرنامەمان بۆ پەلەوەر جیایە چوار ساڵە ڕێنمایی دەکەین دوای ڕێنمایی دەچینە ماڵان لەکێڵگەکان نمونەی خوێن وەردەگرین، تا مانگی ٩ لەسەرجەم ئاواییەکان کاری خۆمان بۆپشکنینی خوێن ئەنجام ئەدەین".

وتیشی:"لە هەڵمەتەکەماندا خەڵکی ئاواییەکانی گەرمیان زۆر هاوکارمان نین".

بۆ هەڵمەتەکانیان جل و بەرگی تایبەتیان بۆ هاتووە و زۆر ئامێری تریش وەک پشکنینی ئیلایزە بەڵام ئەگەر لە ٥٠% زیاتربوو دەینێرن بۆ هەولێر، جگە لەوەش، ڕەب تێستیان هەیە بۆچەند خولەکێک حاڵەتەکە دەردەکەوێت.

سەبارەت بەڕۆڵی ڕاگەیاندن لەکاتی پەیدابوونی ئەم نەخۆشیانە وتی:"ڕاگەیاندن ڕۆڵی هەیە لەگەورەکردن و بچوک کرنی شتەکان، بۆ نمونە لە پەتای ئەنفلۆنزای پەلەوەردا ڕاگەیاندن خەڵکی ترساند و هەماهەنگی ئێمە نەبوون، خەڵک وای لێ هاتبوو مریشکی دەبینی لێی دەترسا، ئەمساڵ تەنها وەزارەتی تەندروستی و کشتوکاڵ بۆیان هەیە بڵێن نەخۆشیەکە هەیە یان نییە".

گەنجان تورەن و حکومەت بەهۆکاری پێکەوەنەنانی خێزان لەقەڵەم دەدەن

# لەکەلار لەماوەی ٩ ساڵدا، ٦٣ کەس دەبڵ زەوییان وەرگرتوە

## سەرۆکی شارەوانی دەڵێت لێیان وەردەگیرێتەوە

زەنگ-نووسینگەی کەلار

**بەپێی ئەو ئامارانەی بەردەستی زەنگ کەوتوون لە ماوەی ٩ ساڵی ڕابردوودا ٦٣ کەس لە سنوری شارەوانی کەلار دووجار زەویان پێدراوە و ئێستا دۆسیەکانیان لەدادگایە.**

کەلار گەورەترین قەزای کوردستانەو ژمارەی دانیشتوانی پتر لە١٧٥ هەزار کەس دەبێت و بەگوێرەی ئامارێکی کۆمەڵەی داکۆکی لەمافی کرێنشینانیش، ژمارەی کرێچیەکانی ئەو شارە لە٢٥٠٠ خێزان تێپەڕیوە.

کەریم حەسەن گەنجێکی دانیشتوی گەڕەکی بنگردە دەڵێت:"من وەک گەنجێک پێم وایە هۆکاری هەرە سەرەکی ئەنجام نەدانی پرۆسەی هاوسەرگیری لەم دەڤەری ئێمەدا ئەوەیە کە زەوی و خانوویان نییە، حکومەت ئەگەر بەیەکسانی زەوی دابەش بکات کەس گلەیی ناکات".

مام عومەر نادر کە هاوڵاتیەکی بەتەمەنی گەڕەکی شێروانەی کەلارە پێی وابوو حکومەت قەرزاری هەموو تاکێکی کوردە و وتیشی:"پێشنیار دەکەم هەر گەنجێک ژنی هێنا زەویەکی پێ بدرێت با وەک هاندانێک بێت بۆ گەنجان بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری".

بەگوێرەی زانیاریەکانی زەنگ ژمارەیەکی زۆر لەهاوڵاتیان لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا دووجار زەویان وەرگرتووە.

هێمن عەلی گەنجێکی تورە لەحکومەت وتی:"من دڵنیام لەوەی دەیان کەس زیاتر لەجارێک زەویان وەرگرتووە و کەسی واش هەیە بەزەحمەت کرێی خانووەکەی بۆ دابین دەکرێ".

کەسێکی زەحمەتکێش بەناوی نەوزاد کە عەرەبانەکی هەیە و ڕۆژانە لەناو بازاڕی شارە قەرەباڵغەکەدا حەماڵی ئەکات، وتی:"بەپاڵ نانی عەربانەوە ١٣ ساڵە ڕادەکەم، کەچی هەر نەمتوانیوە خێزان دروست بکەم".

جواد وادی سەرۆکی شارەوانی کەلار دەڵێت:" ئەوانەی کە لەکەلار دوو جار زەویان وەرگرتووە ٦٣ کەسن، ئێمە ئەو ٦٣ کەسە لێپرسینەوەمان لەگەڵ کردوون و دۆسیەکانیان لەداگایە".

سەرۆکی شارەوانی کەلار جەختی کردەوە ئەو ٦٣ کەسە لەماوەی ئەم ٩ ساڵەدا ئەو زەویانەیان وەرگرتووە و ئەمانیش نوسراویان لەسەریان کردوە. وتیشی:" لەم ماوەیەدا کێشەکەیان دەخەینە لایەکدا زەویەکانیان لێ وەردەگرینەوە و نایەڵین کەس دوو زەوی وەربگرێ و نامانەوێت متمانەی خەڵک بدۆڕێنین".

بۆ هۆکاری ئەم دووجار زەوی وەرگرتنەش وتی:"لەڕابردودا ماوەیەک کۆمپیوتەر نەبوو بە کاغەز سەیرا دەکرا و لێکۆڵینەوە دەکرا ئێستا بەهۆی کۆمپیوتەرەوە هەموو ناوەکان دەدۆزینەوە".


هەموو ئەو کەسانە دراونەتە دادگا

# ١٤٢ ئاگر لە گەرمیان کەوتوەتەوە

زەنگ-تایبەت:



**بەرپرسی بەشی ئامار لە بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی بەرگری شارستانی گەرمیان دەڵێت:" لە پێنج مانگی رابردوودا سەت و چل و دوو حاڵتی ئاگرکەوتنەوە لە گەرمیاندا هەبووە بە هەموو شێوازەکانی ئاگرکەوتنەوەوە".**

مفەوەز دڵشاد حەسەن بەرپرسی بەشی ئامار لە بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی بەرگری شارستانی گەرمیان وتی:" گەرمیان بە هەموو قەزاو ناحیێکانیەوە ١٤٢ حاڵەتی ئاگرکەوتنەوەی تێدا بووە زۆربەیشی تتیمەکانمان چارەسەریان کردوە.

وتیشی:"پۆلیسی بەرگری شارستانی وەک ئەرکێکی نیشتیمانی لە هەر شوێنێک ئاگرێک کەوتبێتەوە گەیشتوونەتە شوێنی ڕووداوەکە ئەگەر ئاگادار کرابینێتەوە".

# کشتوکاڵی خانەقین بوو بە بەڕێوبەرایەتی

زەنگ-خانەقین:

**بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵی گەرمیان دەڵێت:" لە بەرئەوەی کۆمەڵێ کارمەند لە خانەقین هەبوو سەربە هەرێم بوون بۆیە بریاردرا خانەقین بکرێت بە بەرێوبەرایەتی ئەمەیش لە بەرژەوەندی جوتیارانی ناوچەکە دەبێت".**

ئەحمەد ئیبراهیم بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندن لە بەرێوبەرایەتی کشتوکاڵی گەرمیان وتی:" ئەو بریارە لە ٤ ی ئەم مانگەوە دەرچووە و بریارەکەیش لە بەر ئەوە بوو کشتوکاڵی خانەقین یەکێکە لە ناوچانەی لەو شوێنانەی حسابی دابراوی بۆ دەکرێت بۆیە حکومەتی هەرێم بریاریدا بکرێت بە بەرێوبەرایەتی لە بەر ئەو کۆمەڵە کارمەندەی کە سەر بە هەرێمن و لەوێ دەوام دەکەن".



وتیشی:" ئەم بریارە لە بەرژەوەندی جوتیارانی ناوجەکە دەبێت لە رووی بوژانەوەی ئابووریەوە".

نووسینگەی سەرەکی: کفری-بینای کۆنی کتێبخانەی گشتی (تەلەفۆن: ٠٧٤٨٠٢٢٢٦٦) نووسینگەی کەلار: ناو بازاڕ-بینای سەندیکای ڕۆژنامەنووسان (مۆبایل: ٠٧٧٠١٩٩٣٨٢٤).. لە چاپخانەی کەمال لە سلێمانی چاپ دەکرێت
راویژکاری پەروەردەیی: عەلی حسێن ساڵح راویژکاری کۆمەڵایەتی: شکور حەمەی هەیەر نووسینگەی کەلار: شەیما جەمال-بڕیار محەمەد